# پاڵپشتی فێرکردنی منداڵانی ئۆتیزمی خاوەن توانا باڵاکان و بەهرەداران

## الدعم التعليمي لأطفال التوحد ذوي القدرات العالية والموهوبين

## Educational Support for Autistic Children Highly Capable and Gifted

**خوێندنی باڵا – ماستەر: بەشی پەروەردەی تایبەت: پسپۆڕانی (شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم)**






**بەشی 1**

**مامۆستای بابەت: پ. ی. د. آراز حکیم رضا**

araz.radha@su.edu.krd

تەوەری 1

# پێناسەی ئۆتیزم (ئۆتیزم چییە؟):

- مێژووی دۆزینەوەی شەبەنگی ئۆتیزم زۆر کۆنە، بەڵام کاتێك لە ساڵی (1943) لەلایەن (لیۆکارنەر)ی پسپۆڕی نەخۆشی دەروونی منداڵان، زۆرینەی خەسڵەت و نیشانەکانی دیاریکرا، بووە سەرەتای دیاریکردنی.
- یەکەم کەس بە ئۆتیزم دەستنیشانکرا (دۆناڵد گری تریپلێت)ی سەروو هەشتا ساڵ بوو.
- وشەی (ئۆتیزم) کە لە بنچینەدا وشەیەکی یۆنانیە بەمانای (دابڕان یان گۆشەگیری)دێت، لە زمانی کوردیشدا پێی دەگوترێت (خودتەنهایی).
- بە پێی هەندێك لە سەرچاوە تەندروستیەکان، ئۆتیزم بریتیە لە: "شێوان و تێکچوونی شێوازی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و پەیوەندی کردنی منداڵ لەگەڵ کەسانی دەوروبەر، ڕێژەی تووش بوونەکەش لە منداڵێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، هەندێکیان نیشانەکانیان لاوازە و دەتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ ژیان بەسەر ببەن، هەندێکی دیکەشیان نیشانەکان یان ڕاستتر کاریگەری (ڕێژەکەی) زیاترە، ئەم جۆرەیان پێویستیان بە کەسانی دیکە هەیە بۆئەوەی بتوانن درێژە بەژیان بدەن".


araz.radha@su.edu.krd

○ هەروەک ئۆتیزم جۆرێکە لەپەشێوی یان تێکچوون یاخود شلەژانە ئاڵۆزەکانی گەشەی مێشك، یاخود گرفتێکی دەماری گەشەییە و پێی دەڵێن (جیاوازی نیۆرۆ دیڤلۆپمێنتاڵ)، دەبێتە هۆی تێکچوونی کارو فەرمانەکانی مێشک، واتە سەرجەم بەشەکانی مێشک لەیەک کاتداو بەیەکەوە کارناکەن، ئەمەش کاریگەرییەکی توند دەخاتە سەر کەسەکە و کار لە سەر یەکێك لەم لایەنانە دەکات:

■ یەکەم: لایەنی کردار: واتە سەرجەم هەڵس و کەوتە جەستەییەکان لە دەربڕین بە دەم و چاو، جوڵانەوەی جەستەیی و بەرکەوتن یاخود دەستلێدان لەخۆی دەگرێت.

■ دووەم: لایەنی گوفتار: بەمانای ئەنجامدانی چالاکی زارەکی و تێگەیاندن یان تێگەیشتن دێت.

■ سێیەم: لایەنی کۆمەڵایەتی: ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کەسەکە ناتوانێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەشێوەیەکی ئاسایی و وەك ئەوانی دیکە ئەنجام بدات.

○ بەپێی جیاوازیش لەم سێ لایەندا هیچ حاڵەتێکی ئۆتیزم لەوی تریان ناچێت، هەرچەند بە هەموویان دەوترێت ئۆتیزم.



araz.radha@su.edu.krd

- له بواری کۆمەڵایەتیدا منداڵ کاتێك دەیەوێت شتێك رەتکاتەوە له رێگەی یەکێك لەم دوو جۆرەوە ئەنجامی دەدات، یەکەمیان پێی دەگوترێت (پەیوەندی زارەکی) واته منداڵ بتوانێت له رێگەی دەنگ و وشەوە ماناو مەبەستی خۆی بگەیەنێت، ئەوی دی (نازارەکی)یە، کە بە واتای زمانی ئاماژە و جوڵە و هێمای نەوتراو دێت.
- لێرەدا دەبێت (بەتایبەت دایك و باوك) زۆر شارەزای ئەوە بن مەرج نیە ئەوەی نەیتوانی قسە بکات یان ئاماژە بکات تووشی ئۆتیزم بووبێت، بەڵام باشترین کارێك لەو بوارەدا ئەنجام بدرێت ئەوەیە سەردانی پزیشکی پسپۆڕو سەنتەرە تاییەتەکان بەم بوارە بکەن، بۆ ئەوەی لەلایەك دوا نەکەون له چارەسەرکردن، لەلایەکی دیکەشەوە نەکەونە هەڵەوە.
- چونکە بە پێی بەدواداچوونەکان گرفتی بەشێك له دایکان و باوکانی هەندێك لەو منداڵانە ئەوەبووە کە درەنگ دەرکیان بە حاڵەتی منداڵەکەیان کردووە، یان پزیشکێکی تری منداڵان بینیویەتی و شارەزایی ئەوتۆی نەبووە له بواری ئۆتیزم دا و نەتوانراوە له کاتی خۆیدا دەستنیشان بکرێت.


araz.radha@su.edu.krd

○ هەروەها یەکێك لە دیارترین خاڵە کۆمەڵایەتیەکانی منداڵ پەیوەندیەتی لەگەڵ دایك، بە پێی وتەی شارەزایان منداڵ لە تەمەنی (4) مانگییەوە دایکی دەناسێنێتەوە، دەنگ و ڕەنگ و بۆن و هەستەکانی دایکی لە یەکێکی دیکە جیادەکاتەوە، بەڵام ئەو منداڵانەی ئۆتیزمیان هەیە بەو شێوەنین، واتە منداڵی ئۆتیزم جیاوازی لە نێوان دایکی و ژنێکی دیکە ناکات.

○ هەروەک ئۆتیزم ئەوەنەبێت هەر لەتەمەنی منداڵییدا بێت و دوای منداڵی کۆتایي بێت، بەڵکو زۆرێک لە تووشبووان بە درێژایي تەمەن لەگەڵیان دەمێنێتەوە، بەشێك لەوانە ڕێژەکەیان زیاد دەکات و بەشێکی دیکەشیان کەم دەکات، ئەوەش پەیوەندی بەجۆری خواردن و شێوازی مامەڵەو خەمخۆری چارەسەرەوە هەیە.

○ بە پێی وتەی هەندێك لە شارەزایان منداڵ لە تەمەنی (18) مانگییەوە نیشانەکانی دەردەکەوێت، بەڵام زانستی تازە ئەوەی یەکلایي کردۆتەوە کە دەکرێت هەر لە سکی دایکەوە دەست نیشانی شڵەژانی ئۆتیزم بکرێت، بەو پێیەی بەشێك لە شڵەژانەکە فیزیکیە و پەیوەندی بە دروست بوون و پێکهاتەی خانەکانی مێشکەوە هەیە.


araz.radha@su.edu.krd

تەوەری 2

# ئامارەکانی ئۆتیزم چیمان پێدەڵێت؟

- لە ڕوانگەی زیادبوون و خراپتربوونی حاڵەتەکان و ڕێژەی بڵاوبوونەوەی شڵەژانەکانی گەشەی دەماری بەگشتی و ئۆتیزم بەتایبەتی، بە شێوەیەکی ترسناک و تۆقێنەر لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و عێراق بەتایبەتی، بەجۆرێک پێشبینییە ئاماری و زانستییەکان لە سەرانسەری جیهاندا بۆ ساڵی (2018) بەدیاریکراوی لە ڕێکەوتی (2018/4/26) ئاماژەیان بە بڵاوبوونەوەی ئۆتیزم کرد بەڕێژەی (1) حاڵەت لە هەر (59) لە دایکبووی نوێ (59/1)، دواتر ئەم ڕێژەیە نزیکەی (15%) زیادیکردووە لەماوەی تەنها دوو ساڵدا. بەجۆرێک ڕێژەکە پێشتر لە ساڵی (2016) (1 بۆ 68) حاڵەت بوو، واتە (68/1)، پاشان لە ساڵی (2020) ڕێژەکە بوو بە (1) حاڵەت لە هەر (54) لە دایکبووی نوێ (54/1)، هەروەها ئەم ڕێژەیە بۆ ساڵی (2022) گەیشتە (1) حاڵەت بۆ هەر (44) لە دایکبووی نوێ (44/1).


araz.radha@su.edu.krd

# ئەم دە وڵاتەس لەسەر ئاستی جیهان زۆرترین حاڵەتی ئۆتیزمی تێدایە

1. ئەمریکا.
2. یابان.
3. کەنەدا.
4. بەریتانیا.
5. ئێرلەندا.
6. دانیمارک.
7. ئوستراليا.
8. هۆنگ کۆنگ.
9. بەرازیل.
10. پورتوگال.






araz.radha@su.edu.krd

# ئامارەکانی ئۆتیزم لە کوردستان چیمان پێدەڵێت؟

- هەرچەندە تا ئێستا ئاماری ورد بۆ ژمارەی توشبووانی ئۆتیزم لە بەردەستدا نیە، بەڵام ئەوانەی سەردانی سەنتەرەکانی ئۆتیزمیان کردووە یان بە فەرمی ناویان تۆمارە لە سەنتەرەکانی هەرێمی کوردستان (حکومی و ناحکومی) دەگوترێت زیاترە لە (3) هەزار کەس و تەنها (3) سەنتەری تایبەت لە لایەن حکومەتەوە دانراون و سەرپەرشتی دەکرێن و زیاتر لە (20) سەنتەری دیکە ناحکومین و لە لایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەبرێن.
- بە پێی سەرچاوە میدیاییەکان لەباشووری کوردستان ساڵانە (50) منداڵ وەك تووشبووی ئۆتیزم دەبن، تاوەکو ئێستا نزیکەی (3000) حاڵەتی ئۆتیزم دەستنیشانکراون، لەو ژمارەیەش (900) منداڵ لە هەولێر، (1050) لە سلێمانی، (750) لە دهۆك و (250) لە کەرکووکن.  زۆرینەی کەس و کاری توشبووەکانیش رەخنەی توند ئاراستەی دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم دەکەن کە وەك پێویست بەدەمیانەوە ناچن و دەزگاکانی راگەیاندنیش ساڵانە لە رۆژی جیهانی ئۆتیزم دا باسیان دەکرێت و ئیتر ئەو خەم و مەینەتە زۆرە جێدەهێڵن بۆ کەس و کاریان.


araz.radha@su.edu.krd

# ئامارەکانی ئۆتیزم لە کوردستان چیمان پێدەڵێت؟

- هەرچەندە تا ئێستا ئاماری ورد بۆ ژمارەی توشبووانی ئۆتیزم لە بەردەستدا نیە، بەڵام ئەوانەی سەردانی سەنتەرەکانی ئۆتیزمیان کردووە یان بە فەرمی ناویان تۆمارە لە سەنتەرەکانی هەرێمی کوردستان (حکومی و ناحکومی) دەگوترێت زیاترە لە (3) هەزار کەس و تەنها (3) سەنتەری تایبەت لە لایەن حکومەتەوە دانراون و سەرپەرشتی دەکرێن و زیاتر لە (20) سەنتەری دیکە ناحکومین و لە لایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەبرێن.
- بە پێی سەرچاوە میدیاییەکان لەباشووری کوردستان ساڵانە (50) منداڵ وەك تووشبووی ئۆتیزم دەبن، تاوەکو ئێستا نزیکەی (3000) حاڵەتی ئۆتیزم دەستنیشانکراون، لەو ژمارەیەش (900) منداڵ لە هەولێر، (1050) لە سلێمانی، (750) لە دهۆك و (250) لە کەرکووکن. زۆرینەی کەس و کاری توشبووەکانیش رەخنەی توند ئاراستەی دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم دەکەن کە وەك پێویست بەدەمیانەوە ناچن و دەزگاکانی راگەیاندنیش ساڵانە لە رۆژی جیهانی ئۆتیزم دا باسیان دەکرێت و ئیتر ئەو خەم و مەینەتە زۆرە جێدەهێڵن بۆ کەس و کاریان.


araz.radha@su.edu.krd

تەوەری 3

# ئۆتیزم حاڵەتە یان نەخۆشی؟

- کاتێک بەکەسێک دەڵێین نەخۆشە کە بەدوای چارەسەردا بگەڕێین وەکو نەخۆشییە باوەکان. ئێمە ئەم گرفتە گەورەمان هەیە کە تا ئێستا پێناسەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ ئۆتیزم دیارینەکراوە، بەجۆرێک:
- گروپێک لە شارەزایان و پزیشکان دەڵێن؛ ئۆتیزم نەخۆشییە، دەچن بۆ نەخۆشخانەکان و دەکەون و دەرمان و مادەی کیمیایي بەکاردێنن.
- گروپەکەی تر باس لەوە دەکەن ئۆتیزم نەخۆشی نیە و حاڵەتە لەبەر ئەوەی کە هۆکارەکانی تووش بوون و چارەسەریشی دیار نیە، بۆیە ناکرێت بە نەخۆشی ناوببرێت.
- هەندێکی دیکەش باس لەوە دەکەن، ناکرێت بگوترێت هۆکارەکان دیارنین و چارەسەریش ناکرێت، لەبەرئەوەی بڕیاردانێکی پەلەیەو لەوانەیە لە ئێستادا ئەو کارانە ئەستەم بێت، بەڵام لە داهاتوویەکی (دوور یان نزيك) هەم هۆکاری تووش بوون و هەم چارەسەرەکەشی ئاسان بێت. هەربۆیە بە هەردوو شێوەکە ناوی هاتووە.



araz.radha@su.edu.krd

# ئۆتیزم حاڵەتە یان نەخۆشی؟

- لەبەرئەوەیە پێناسەیەکی زانستی و یەکلاکەرەوە بۆ ئۆتیزم زۆر گرنگە! چونکە:
  - ئەگەر ئۆتیزم گرفتێکی هزری و فێربوونە؛ دەبێت قوتابخانەیان بۆ دابنێین و فێریان بکەین.
  - بەڵام ئەگەر وتمان نەخۆشییە؛ دەبێت نەخۆشخانەیان بۆ دروست بکەین.
  - کاتێکیش دەڵێیت جیاوازییە؛ دەبێت باشتری بناسین و هەوڵ بۆ ناسینی زۆرتری بدەین، واتە دەبێت لەو جیاوازیە تێبگەین و هەزمی بکەین.
- واتە منداڵی ئاسایي خۆی فێری ڕاهێنان و شتەکان دەبێت، بەڵام منداڵی ئۆتیزم پێویستی بە پاڵنەرێکە یاخود ڕێ نیشاندەرێکە تاکو شتەکانی فێر بکات. بۆیە دەڵێین منداڵی ئۆتیزم جیاوازن نەك ناتەواو و دواکەوتوون.

**کەواتە: پێویستە سەرەتا بزانین گرفتەکە چیە؟ هەتاوەکو بەدوای چارەسەریدا بگەڕێین**



araz.radha@su.edu.krd

# ئۆتیزم حاڵەتە یان نەخۆشی؟

- بۆیەش بەهۆکاری ئەو جیاوازی ڕوانینە لە ئۆتیزم لە نێوان حاڵەت و نەخۆشی، وایکردووە زۆرێک لە کەس و کاری ئۆتیزمەکان گیرۆدەی دەستی ڕەفتارو گوفتاری خەڵکانی چواردەور و کۆمەڵگەبن. بەوەی منداڵەکانیان بە (نوقسان) یان (شێت) ناو دەبەن. ئەمەش فشاری دەروونی زۆر بۆ ئەو خێزانانە دروست دەکات و پاڵیان پێوە دەنێت زیاتر گۆشەگیرو دابڕاوبن.
- کەواتە: لە ئێستادا زۆر گرنگە لەوە تێگەیشتبین ئۆتیزمەکان ئەو مرۆڤانەن توشی حاڵەتێکی تێکچوونی گەشە بوونەتەوە وەك هەر حاڵەتێکی دیکەی تێکچوونی گەشە، هەروەک منداڵ و پارچەیەك لە جەستەو ڕۆح و گیانی دایك و باوکیانن، شایانی ئەوەن وەك خۆیان بناسرێن و هاوکاری بکرێن، نەك بە دەربڕینی دەستەواژەی نابەرپرسانە نیگەران و خەمبار بکرێن.



araz.radha@su.edu.krd

تەوەری 4

# منداڵانی ئۆتیزم چۆن ژیان بەسەر دەبەن؟

- یەك لە شەشی منداڵانی ئۆتیزم ژیانێکی ئاسایی بەسەر دەبەن، یەك لە شەشی تریان تاڕادەیەکی جیاواز پێویستیان بەهاوکاری دەبێت، دوو لە سێیان پێویستیان بە چاودێری بەردەوامە.





araz.radha@su.edu.krd

تەوەری 5

# هۆکارەکانی تووشبوون بە ئۆتیزم:

○ هەرچەندە زۆرینەی شارەزایان باس لەوە دەکەن هۆکارێکی دیاری کردوای تەواوەتی لە ئارادا نیە بۆ تووش بوون، بەڵام چەندین هۆکار هەن کە دەکرێت بە هۆکاری تووش بوون بەو نەخۆشییە بزانرێت:

■ یەکەم: هۆکاری بۆماوەیی (جینات و خانە کرۆمۆسۆمیەکان): هەرچەندە تا ئێستا ڕۆڵی بۆماوە بەڕوونی و ئاشکاریي نیە، بەڵام بەیەکێك لە هۆکارەکانی دروست بوونی ئۆتیزم دادەنرێت و زیاتر لە ئاماژەیەک هەیە سەبارەت بە کاریگەرییەکانی. توێژینەوەکان دەریان خستووە، منداڵانی دوانە (جمك) بە ڕێژەی (90%) لەو منداڵانەی کە دوانە نین زیاترە. هەروەها ڕێژەی تووش بوون لەنێو منداڵانی (دوانەی لێکچوو) زۆر زیاترە لە منداڵانی دوانەی لێکنەچوو. لە ماوەی پێنج ساڵی رابوردوودا پشکنین کراوە لەسەر کرۆمۆسۆمەکان و (دی ئێن ئەی) دەرکەوتووە (5 تا15) کرۆمۆسۆم لە جەستەی مرۆڤدا هەیە کە پەیوەندییان بەو ئۆتیزمەوە هەیە، بەدیاریکراویش ئاماژە بە کرۆمۆسۆمی ژمارە (20) و (21) دەکرێت. وە ئەگەر خێزانێك منداڵێکیان هەبێت ئۆتیزمی هەبێت ئەگەری حاڵەتی دووەم لەنێوانیاندا پەنجا هێندەی خێزانەکانی ترە .


araz.radha@su.edu.krd

- دووەم: هۆکارە ئەندامی و زیندەگییەکان: وەکو: تووشبوونی دایکی دووگیان بە سورێژەی ئەڵمانی یاخود کەمی ڤیتامین دی لەلای، هەوکردنە ڤایرۆسییەکانی مێشك وەکو ڤایرۆسی هێربس، هەوکردنی ڕژێنی پارۆتید و هۆکاری بەرگری لەش.
- هەندێکی دیکە باس لەوە دەکەن لەکاتی لەدایك بوونی منداڵەکەدا ڕێژەی ئۆکسجینی پێویستی بۆ نەچێت، یان فشاری زۆری بخرێتەسەر مێشکی لەدایك بووەکە.





araz.radha@su.edu.krd

تەوەری 6

# نیشانەکانی ئۆتیزم:

- ئۆتیزم جیاوازە لە کەم ئەندامە جەستیەکان، چونکە کەم وکوڕییەکان لە مێشکدایە و بە هەڵسوکەت دەردەکەوێت، یان لەگەڵ تەمەن و گەشەدا دەردەکەوێت، بۆیە زانایان چەند نیشانەیەکی سەرەکیان داناوە بۆ جیاکردنەوەی منداڵی ئۆتیزم لە منداڵانی ئاسایی، بێگومان ئەم نیشانەش بە ئاسانی بۆ پسپۆران دەرناکەوێت، پێویستە دەستنیشانکردنی حاڵەتی ئۆتیزم لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوەبێت، لێرەشدا هێشتا ئاسان نیە بۆ لێژنەیەك کە بتوانێت بەخێرایی بڕیاربدات ئەو منداڵە حاڵەتی ئۆتیزمە یان نا ، چونکە زۆر حاڵەتی تر هەیە کە ڕەنگە نیشانەکانی لەگەڵ ئۆتیزم لەیەك بچن، وەك حاڵەتی تێکچوونی گەشەی گشتی دیاری نەکراوە، کە زۆربەی نیشانەکانی لە ئۆتیزم دەچێت.
- بەشێوەیەکی گشتی نیشانەکانی ئۆتیزم لە دوای (18) مانگی تەمەنی منداڵەوە دەردەکەوێت، بەڵام زیاتر لە نێوانی (2-3)ساڵی بەڕوونی و ئاشکرا دەردەکەون، ئەم گرفتانە لەسێ بواری سەرەکیدا ڕوودەدات، کە ئەمانەن:



araz.radha@su.edu.krd

# نیشانەکانی ئۆتیزم:

1. گفتوگۆ (ئاخاوتن): واتا منداڵی ئۆتیزم ناتوانێ پەیوەندیي لەڕێگەی قسەکردنەوە دروست بکات و بەقسەکردن گوزارشت لە پێداویستیەکانی خۆی بکات.
2. پەیوەندی کۆمەڵایەتی: منداڵی ئۆتیزم ناتوانێت پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هاوتەمەنی خویدا دروست بکات، بۆ نموونە کە یارییەکی بەگروپ دەکەن، هەر منداڵێك بۆ خۆی یاری دەکات، بێ ئەوەی بەشداری هاوڕێکانی بکات، یان وەڵامدانەوەی نییە لەکاتی بانگکردن بەناوی خۆیەوە.
3. گرفت لەبواری ڕەفتار (هەڵسوکەوت): واتا ڕەفتاری دووبارە و یەك ڕێچکەیي، ئیتر ئەو ڕەفتارە بریتی بێت لە یاری کردنێکی نادروست بە یارییەك یان خولانەوە و جولەیەکی دووبارە.


araz.radha@su.edu.krd

# نیشانەکانی سەرەکییەکانی ئۆتیزم بەپێی پێوەری (DSM5):

○ بەپێی پێوەری (DSM5) ئەمریکی سێ نیشانەی سەرەکی بۆ ئۆتیزم دانراوە، ئەگەر دوو نیشانە لەو سێ نیشانەیە بوونی هەبوو، ئەوە ناوترێ ئەو مندالانە حاڵەتی ئۆتیزمی لەگەڵدایە، ئەوە پێی دەوترێ هەندێ لە نیشانەکانی ئۆتیزمی لەگەڵدایە، واتا دەبێت ئەو سێ نیشانەیە لەیەك کاتدا لە منداڵەکەدا بوونی هەبێت، بەڵام مەرج نیە ئەو سێ نیشانەیە لە هەموو مندالاندا وەك یەك بێت، بەڵکو لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر جیاوازە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو سێ نیشانەیە ئەمانەی خوارەوەن:

1. نەبوون یان لاوازی پەیوەندیي زارەکی و نازارەکی (ئاخاوتن – گفتوگۆ).
2. نەبوون یان لاوازی پەیوەندیي کۆمەڵایەتی.
3. هەڵسوکەوتی دووبارە و یەك ڕێچکەیي.


araz.radha@su.edu.krd

# کۆنیشانەکانی ئۆتیزم:




- پێش لەوەی بچینە سەر ئەوەی چۆن بتوانین هەڵوێستەیەك بکەین لەبەرامبەر ئەو جۆرە کەسانەدا بکەین، دەبێت ئێمە بیان ناسینەوەو دواتریش خۆمان بڕیاردەرو حوکم دەر نەبین، ئەگەر حاڵەتێکی لەو جۆرانە لە منداڵەکانی خۆمان یان ناسراوو دراوسێ دا هەبوو، ڕێنماییان بکەین بۆ نیشاندانی بەپزیشکی پسپۆڕ و بردنیان بۆ سەنتەرە تایبەتەکان، دەکرێت چەندین نیشانە هەبن، بەڵام هیچیان ناکاتە ئەوەی خۆمان بڕیاری یەکلاکەرەوەیان لەسەر بدەین تا پسپۆڕێك یەکلایی نەکاتەوە، لەوانەش:


araz.radha@su.edu.krd

# کۆنیشانەکانی ئۆتیزم

1. دواکەوتنی ئاخاوتن، لەسەرەتای تەمەنیەوە قسە ناکات، بێدەنگی یان دەنگە دەنگی بەردەوام، دووبارەکردنەوەی قسەی ئەوانی تر بەبێ تێگەیشتن لەماناکەی، وتنی وشە و ڕستەی بێ واتا، پێچەوانەکردنی ئامڕازەکان و گرفت لەناونانی شتەکاندا.
2. دابڕانی کۆمەڵایەتی وەکو: ڕازینەبوون بە یاریکردن لەگەڵ خێزان و منداڵی تردا .
3. نەتوانینی یاریکردن بە یاریەکانی، ئەگەر یاریش بکات، تەنها بەشوێنێکی دیاری کراوی یاریەکەی وەکو تایەی سەیارەکەی یاخود دەستی بوکەڵەکانی یاری دەکات و ناتوانێت وەك پێویست ڕەفتاریان لەگەڵ بکات.
4. حەزێکی زۆری بۆ یاریەک یان تەنێکی تایبەت هەیە (ئیتر هەر خەریکی ئەوە ئەبیت) و تاقەتی ئەوانی دیکەی نیە. یاخود دووبارەکردنەوەی هەمان یاری بۆ چەند جار و بەبێ ماندووبوون و نەبوونی توانای داهێنان لەیارییەکاندا .



araz.radha@su.edu.krd

# کۆنیشانەکانی ئۆتیزم

5. لەسەرەتای تەمەنییەوە بەقەرەباڵغی تێکدەچێت و ئیدارە ناکات و دەگری، بەتایبەت منداڵی نۆبەرە و تەنهاکان، ئەگەر ئەم حاڵەتە تا سێ ساڵی بەردەوام بوو دەبێت نیشانی پزیشك و پسپۆڕی تایبەتی بدرێت.
6. گریانیان زۆرە و قیژە دەکەن، بەتایبەت کاتێك برسیان بێت یان خەویان بێت.
7. چەند خواردنێکی دیاری کراو دەخۆن تەنها ئەوخواردنانە دەخۆن و ناتوانن خوادنی جۆراوجۆر بخۆن و زۆرینەشیان هەستی برسێتی و تینوێتی و تێرخواردنیان نیە.
8. بنیشت و مەصاصە ناخۆن چونکە زمانیان کەم دەجولێنن کە ئەم دووخواردنەش زمانی دەوێت بجولێنرێت.
9. درەنگ فێری توالێت دەبن، هەشیانە تا تەمەنیان بەرەو زیاتریش بڕوات هەر فێرنابن.
10. خەویان سوکە زوو بەخەبەردێن، درەنگیش خەویان لێدەکەوێتەوە.
11. لەتەکنۆلۆجیا زیرەکن وەکو موبایل و لاپتۆب و ئایپاد و تەلەفزیۆن.



araz.radha@su.edu.krd

# کۆنیشانەکانی ئۆتیزم

12. حەزیان لە چوونە دەرەوە و ناو ئۆتۆمبێل و جوولەی زۆرە.

13. حەزیان لەگەڕان و چونەدەرەوەو شوێنی فراوانەو بە شوێنی داخراوو تەنگ، بێزار دەبن.

14. زوو لەشوێنان تاقەتیان ئەچێت و داوای گۆڕینی شوێن دەکەن، یان حاڵەتیان خراپتر دەبێت.

15. زۆرینەیان عینادن واتە ئینکارن و داوای هەرچی شتێکیان کرد هەر دەبێت ئەوە بێت.

16. شت فیر دەبن و زوو بیریان ئەچیتەوە وشەو ژمارەو ناو فیردەبن و زوو بیریان دەچێتەوە.

17. ناتوانن جل و بەرگی خۆیان لەبەر بکەن و دایبنین و ڕێکی بخەنەوە.

18. ڕەنگە بەمنداڵی ئێسکە نەرمەیەکی زۆریان هەبوێ یاخود زەردووی زۆریان تووش بوویێت، چونکە زەردوی بەرز بیت کاریگەری دەکاتە سەر میشك هەر بۆیە هەر یەکێك لەو دوو حاڵەتە بۆ منداڵ دەبێت زوو چارەسەر بکرێت.

19. گوێنەدان بەدەوروبەر، زۆرجار دەگاتە ئاستێك خێزانەکەی وا دەزانن منداڵەکەیان (گوێگران یان کەڕ) بوە.


araz.radha@su.edu.krd

# کۆنیشانەکانی ئۆتیزم

20. پێکەنینی بێ هۆ و لەناکاو و بەردەوام، دواتر گریان بە هەمان شێوە.

21. لاوازی یان نەبونی هۆشیاری و ئاگا لەخۆبوون و چاونەبڕینە چاوی بەرامبەر لەکاتی قسەکردن بۆیان.

22. تێنەگەیشتن لە زمانی جەستەو گرفت لەبابەتە بینراوەکاندا.

23. دواکەوتنی گەشەی هەستەکان (بۆنکردن، بەرکەوتن و تامکردن).

24. هەست نەکردن بەگەرماو سەرماو بەرزو نزمی و نەبوونی مەترسی لە گیانەوەر و خشۆك.

25. ترسان لە هەندێ شت کەپێوست بەترس ناکات، نەترسان لەهەندی شت کەجێی مەترسییە، وەکو ترسان لە دەنگی ئاژەڵ یان فڕۆکە، نەترسان لە ڕاکردن بەسەر شەقامەکان بێ گوێدانە مەترسی ئۆتۆمبێل.

26. داوای یارمەتیدان ناکات لە چواردەورەکەی بۆ هیچ کارێك، پرس ناکات و هەرچی هات بە خەیاڵی خۆیدا ئەنجامی دەدات.

27. بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکاری لەیارییەکاندا و زوو هەڵچوون وەك : خواردن لەدەفرێکی دیاریکراودا یان لەبەرکردنی پۆشاکێکی دیاریکراو و ڕازی نەبوون بەگۆڕینی ئەو پۆشاکە .


araz.radha@su.edu.krd

# كۆنیشانەكانی ئۆتیزم

○ نیشانەی تریان زۆرە، لێرەدا باسی ئەو نیشانانەمان كرد كە سەرەتا دەردەكەون، نیشانەی تر (بە دەنگی گسكی كارەبا زۆر بێزار دەبن، كەمتر هەست بە ئازار و گەرمی و ساردی دەكەن، حەز ئەكەن قوتو لەسەر یەك هەڵچنن یان یاریەكانی بەریز دابنین ... هتد.

○ وەك شارەزایان باسی دەكەن مەرج نیە منداڵ لە تەمەنی (2-3)ساڵیدا بڕیاری لەسەر بدرێت لە دیاریكردنی ئۆتیزمدا، هەندێك منداڵ بەپێچەوانەوە (2)ساڵی سەرەتا بێ كێشەن دواتر وردە وردە شتیان بیر دەچێتەوە و وەكو ئۆتیزم دیاری دەكرین (20٪)، هیچ پشكنینیك نیە بۆ دیاری كردنی، هیچ چارەسەرێك نیە جگە لە ڕاهێنانی دەرونی و زمانەوانی و چارەسەركردنی گەشكە (دوای هەرزەكاری)، بە دەگمەن حاڵەت هەیە چاك دەبنەوە!

○ هەروەک پێویستە ئۆتیزم جیا بكرێتەوە لە هەندی نەخۆشی تری وەك (بیركۆڵی، مناڵی نابیست، نەخۆشییە دەروونی و عەقڵییەكانی تر).

○ لەوانەیە هەندێك نیشانە هەبێت بەڵام ئۆتیزم نەبێت و مرۆڤ بكەوێتە هەڵەوە لە دەستنیشان كردنی هەربۆیە باشترە سەردانی شوێن و پسپۆری تایبەتی بكرێت و لە خۆمانەوە و سەرپێیانە بڕیارنەدەین.



araz.radha@su.edu.krd

تەوەری 8

# پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی کەسی نائاسایي:

- **یەکەم: پێوەری ئاماری:** ئەو کەسانەن کە دووردەکەونەوە لە ناوەندی دابەشبوونی ئاسایي یان سروشتی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ.
- **دووەم: نەگونجان:** ئەو کەسانەن کە لەگەڵ خۆیان و کەسانی چواردەوریاندا ناگونجێن و توانای ڕاییکردنی کاروبار و داواکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان نابێت.







araz.radha@su.edu.krd

تەوەری 9

# سەرچاوە زانستییەکانی پۆلێنکردنی ئۆتیزم:

- بۆ زانینی ئۆتیزم و جۆرەکانی و ناسینیان بەشێوەکی زانستی پشت بە دوو سەرچاوەی پۆلێنکردن دەبەسترێت کە بریتیین لە:




- یەکەم: پۆلێنی نێودەوڵەتی بۆ نەخۆشییەکان ( International Classification of Diseases) ناسراو بە (ICD) کە ئێستا (ICD11) دوایین ڤێرژنێتی، کە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (World Health Organization) ناسراو بە (WHO) دەردەچێت.




- دووەم: مانوەڵی دەستنیشانکردن و ئاماري بۆ شڵەژانە دەروونییەکان ( Diagnostic and Statistical Manual of Mental Disorders) ناسراو بە (DSM) کە ئێستا (DSM5-TR) دوایین ڤێرژنێتی، لەلایەن کۆمەڵەی دەروونناسانی ئەمریکی (American Psychological Association) ناسراو بە (APA).


araz.radha@su.edu.krd

تەوەری

10

# ئۆتیزم چۆن دەستنیشان دەکرێت؟

- چۆنیەتی دەست نیشانکردنی حاڵەتی ئۆتیزم جیاوازە لە حاڵەتەکانی تری خاوەن پێداویستی تایبەت، چونکە حاڵەتی ئۆتیزم لە حاڵەتە عەقڵیە ئاڵۆزەکانە، بۆیە پێویستە بە چەند قۆناغێك دەستنیشان بکرێت، کە دەبێت لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆرەوە بێت، ئەمەش وای کردووە ئۆتیزم بەئاسانی دەستنیشان نەکرێت و پسپۆڕانی بواری منداڵان لەم ڕووەوە کێشەی گەورەیان هەبێت، هەر بۆیە هەندێجار دەستنیشاکردنی منداڵێك بە حاڵەتی ئۆتیزم ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت.
- لەوڵاتانی ڕۆژئاوا، دوای تەمەنی (18) مانگی منداڵی ئۆتیزم دەستنیشان دەکرێت، ئەوەش بەگرتنەبەری چەند ڕێگایەك یاخود چەند تاقیکردنەوەیەك، کە لە جیهاندا پشتی پێدەبەسترێ بۆ دەست نیشانکردنی حاڵەتی ئۆتیزم هەردوو تێست و پێوانەکاری (ADI) و (ADOS) و پێوانە چات بۆ 18 مانگی داناروە.



araz.radha@su.edu.krd

# قۆناغەكانی دەستنیشانكردنی حاڵەتی ئۆتیزم:

- دەستنیشانكردنی پزیشكی: وەرگرتنی چەندین زانیارییە دەربارەی منداڵ لەكاتی بوونی لەسكی دایك وكاتی لە دایكبون و گەشە و جوولەی ... هیتر دەگرێتەوە، پاشان ئەنجامدانی چەند شیكارییەك كە پزیشك دەستنیشانی دەكات، هەروەها هێلكاری مێشك و تیشكی ڕەنینی موگناتیسی مێشك.
- ڕەفتار: ئەمەش بەتێبینی كردنی ڕەفتاری ڕۆژانەی منداڵەكە چی لە ناو خێزاندا یان لەسەنتەرێكی تایبەت، یان هەر جێگایەك كە ئەو منداڵە تێیدا دەبێت.
- حاڵەتی هەڵچوونی و دەروونی: ئەمەش بەبەكارهێنانی كۆمەڵێك پێوەر لەڕووی درك پێكردن و لایەنی كۆمەڵایەتی و هەڵچوون و گونجانی لەگەڵ دەوروبەریدا.



araz.radha@su.edu.krd

# قۆناغەکانی دەستنیشانکردنی حاڵەتی ئۆتیزم:

- هەڵسەنگاندنی پەیوەندی: هەڵسەنگاندنی پێنج هەستەکە، هەڵسەنگاندنی ماسولکەی بچووك و ماسولکەی گەورە وبەکارهێنانیان بە شێوەیەکی دروست دەگرێتەوە.
- هەڵسەنگاندنی لایەنی زانستی: تواناکانی پێش قوتابخانە وەك ( ناسینی ڕەنگەکان، پیتەکان و شێوەکان)، تواناکانی قوتابخانە وەك (خوێندنەوە و ژماردن)، تواناکانی ڕۆژانە وەك (نانخواردن، جل لەبەرکردن، نووستن و چوونە سەرئاو).
- هەڵسەنگاندنی وەزیفی: ئەمەش لەڕێگەی کۆمەڵێك ئەزموونی مەنهەجی، تێبینی، هەڵسەنگاندن، گفتوگۆ لەگەڵ دایك وباوك دەبێت، بەمەبەستی گەیشتن بە هەڵسەنگاندنی تواناکانی لە پەیوەندیکردن.



araz.radha@su.edu.krd

# جۆرەکانی ئۆتیزم:

- ئۆتیزم یەك جۆر نیە، شارەزایان پێشتر پێیان وابوو کە پێنج جۆرە، بە دووریشیان نەزانیبوو لە داهاتوو جۆری دیکە بدۆزرێنەوە، یان ئەو پێنج جۆرە بخرێنە ژێر ڕیزبەندی ترەوە، کە بۆ هەر یەکە لەو جۆرانەش چەند نیشانەیەکی دیاریکراو و تایبەت هەیە کە لە زۆربەیاندا هاوبەشن و چەند نیشانەیەکی کەم یان شێوازی دەرکەوتنیان جیاوازە.

- هەر بۆیە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هیچ کام لەو جۆرانە بەتەنها و جیاواز لەوانی تر دەستنیشان ناکرێن، ئەویش لەسەر بنەمای دوایین ڤێرژنی (DSM5-TR) مانوەڵی دەستنیشانکردن و ئاماریی بۆ شڵەژانە دەروونییەکان ( Diagnostic and Statistical Manual of Mental Disorders)، لەلایەن کۆمەڵەی دەروونناسانی ئەمریکی ( American Psychological Association) ناسراو بە (APA) دەردەچێت، سەرجەمی ئەم جۆرانە وەکو بەشێک لە چەمکێکی گشتگیر و فرەلایەن بەناوی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم (Autism Spectrum Disorder) دەناسرێن.



araz.radha@su.edu.krd

# جۆرەکانی ئۆتیزم:



## یەکەم: کلاسیکی:

- مرۆڤێکی ئاساییە؛ هەندێکجار زیرەکیان لە کەسانی ئاسایي زۆر زیاترە و وەك بەهرەدارێك دەردەکەون، لەبەرئەوەی چواردەورەکەیان لە ئاستی ئەماندا نین و تییان ناگەن، دووچاری دوورکەوتنەوەو گۆشەگیری و تەنیایي دەبن، ئەگەر ئەم حاڵەتەش نەخرێتە ژێرچاودێری و چارەسەرەوە کێشەکە گەورەتر دەبێت.


araz.radha@su.edu.krd

# دووەم: ئەسپێرگەر:




- توانای هزرییەکانیان ئاساییە، ئاساتی زیرەکیان لە ناوەند بۆ سەرووترە.
- توندی نیشانەکانی ئۆتیزم تێیدا کەمترە.
- کارامەیي زمانەوانی بەرزیان هەیە و دواکەوتنی زمانیان تێدا دەرناکەوێت.
- پێویستیان بە پاڵپشتییەکی کەمترە.
- ئاستەنگی لە پەیوەندی و کارلێککردنی کۆمەڵایەتیان هەیە.
- هەستیاری زیاد لە پێویست (بۆ دەنگە ڕاچڵەکێنەرەکان).
- تەرکیزکردنە سەر بابەتیکی تایبەت و دیاریکراو بۆ گرنگیپێدانەکانی و دووبارەکردنەوەی ڕەفتارەکانی.
- ئاستەنگ لە گۆڕانکاری لە بابەتە ڕۆتینییەکاندا.
- جیگیری لە بەربڕینی هاوسۆزی بۆ ئەوانی تر (گوێنەدان بە لایەنی هەڵچوونی ئەوانی تر)


araz.radha@su.edu.krd



# سێیەم: ساڤانت:



- ڕێژەی ئۆتیزمی زۆرە، نیشانەکانی دیکەی وەك پچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی کردنی کەمە، بەڵام لەلایەنی ژمارەو بیرکاری دا زیرەکیەکەی بێ وێنەیە، بەتەنها سەیرکردنێك دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ ژمارەی زۆر بکات بۆ کۆکردنەوەو لێدەکردن، ژمارەکەی یەکسەر دەزانێت، زۆرینەی ئەمانە حەزیان لە وێنە و بواری هونەریە.


araz.radha@su.edu.krd




## چوراەم: ئێکس ئەلهەش:

# FRAGILE X SYNDROME

- ئەمانەیان کێشەی مێشکیان هەیە، توانای تێکەڵاوی کۆمەڵایەتیان نیە، هەندێکجار کێشەی قسەیان هەیە، ناتوانێت شتەکان دەربڕێت، هەندێك لە منداڵەکان لەو کاتانەدا قسە دەکەن کە خۆیان دەیانەوێت. واتە توانای دەربڕینی تەواویان هەیە بەڵام نایانەوێت لەو کاتانەدا قسە بکەن کە تۆ دەتەوێت، بەڵکو لەو کاتانەدا قسە دەکەن کە خۆیان دەیانەوێت.

## پێنجەم: ڕێت:

- کێشەی جەستەییان هەیە لەبواری ڕۆشتن و خۆگرتن، واتە سەنتەری ڕێگە ڕۆِشتنیان ئاسايي نیە، ئەمانە پێویستیان بە چارەسەی پزیشکی و سروشتی و ڕاهێنانەوە هەیە. بە پێی وتەی شارەزایانی بواری ئۆتیزم ناکرێت هەر لەو چەند جۆرەدا ئۆتیزم قەتیس بکرێت و ساڵانە جۆری دیکە دەدۆزرێتەوە.



- بەڵام بەپێی دوایین پۆلێنی کۆمەڵەی دەروونناسانی ئەمریکی ( American Psychological Association) ناسراو بە (APA) ئەم پێنج جۆرە نەماوە، بەڵکو بە شلەژانەکانی شەبەنگی ئۆتیزم ناسێندراوە کە ساڵ بە ساڵ دەگۆڕێت.


araz.radha@su.edu.krd



# جیاوازی ئۆتیزم بەپێی ڕەگەز:

تەوەری
12

- ئۆتیزم لەناو کوڕاندا زۆرترە، لە چوار کوڕدا کچێک ئۆتیزمە.
- توێژینەویەکی نوێ ئاشکرای دەکات ئۆتیزم بەجیاوازی کاردەکاتە سەر مێشکی ڕەگەزی نێرومێ. توێژینەوەکە لەلایەن ناوەندی توێژینەوەی ئۆتیزم لەزانکۆی کامبریج لە بەریتانیا ئەنجامدراوەو تێیدا توێژینەوەی ورد بۆ مێشکی (120) ژن و پیاو ئەنجامدراوە کەنیوەیان ئۆتیزمیان هەبووە.
- بەپێی ڕاپۆرتی تیمی توێژینەوەکە کە لەگۆڤاری (برەین) لە بەریتانیا بڵاوکراوەتەوە، ئەو کچانەی ئۆتیزمیان هەیە زیاتر کاریگەرتر دەبن بەنەخۆشییەکەو چارەسەرکردنیشیان گرانترە، بەڵام ڕێژەی توشبوون لە کوڕاندا سێ بەرامبەری کچانە.
- (د. مێن چوان لای) ئەندامی تیمی توێژینەوەکە ڕایگەیاندووە: لەم توێژینەوەدا بۆمان دەرکەوت کاریگەری ئۆتیزم لەڕەگەزەکاندا جیاوازەو هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە توێشووی خانەکانی مێشکی پیاو گەورەترە، جگە لەوە پێویستە چاودێری وردتری ژنانو کچان بکرێت لە ناوەندەکانی تەندروستیدا.


araz.radha@su.edu.krd



# جیاوازی ئۆتیزم بەپێی ڕەگەز:

## یەکەم: ئۆتیزم لە کوڕاندا:

- ئەو کوڕانەی ئۆتیزمیان هەیە، بەزۆری نیشانەکانی ئۆتیزم تیایاندا بەرچاوترە بە بەراورد بە کچان.
- زۆرجار ڕەفتاری دووبارەبووەویان هەیە وەکو دەست لێدان و ڕۆیشتن بە پەنجەکانی قاچ و وەسوەسە بۆ یارییەکان.
- هەروەها لەوانەیە گەشەی زمان و دەستپێکردنی قسەکردنیان دوابکەوێت، یان ڕەنگە بە هیچ شێوەیەک قسە نەکەن.
- هەروەک کوڕانی تووشبوو بە ئۆتیزم کێشەیان لەگەڵ کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان هەیە وەک چاوپێکەوتن، دەستپێکردنی گفتوگۆ و تێگەیشتن لە ئاماژە کۆمەڵایەتییەکان.



araz.radha@su.edu.krd

# جیاوازی ئۆتیزم بەپێی ڕەگەز:

## دووەم: ئۆتیزم لە کچاندا:



- زۆرجار ئەو کچانەی ئۆتیزمیان هەیە، بە نیشانەی جیاواز لە کوڕان دەردەکەون، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی دەستنیشانکردنی هەڵە یان دواکەوتنی دەستنیشانکردن.
- ڕەنگە کچان نیشانە وردترەکانی ئۆتیزمیان هەبێت، وەک کێشە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی، سنوورداربوونی بەرژەوەندییەکان و هەستیاری.
- هەروەها لەوانەیە کەمتر ڕەفتاری دووبارەبوونەوەی هەبێت لە چاو کوڕان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نیشانەکانیان کەمتر هەست پێبکرێت.
- هەروەها کچانی تووشبوو بە ئۆتیزم لەوانەیە توانای زمانی بەهێزیان هەبێت کە بتوانێت کێشەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتییان بشارێتەوە.



araz.radha@su.edu.krd

# جیاوازی ئۆتیزم بەپێی ڕەگەز:

## سێیەم: کچانی تووشبووی ئۆتیزم بەراورد بە کوڕان درەنگتر دەستنیشاندەکرێن:

○ پزیشکانی سەنتەرێکی توێژینەوە لە ئۆتیزم لە شاری بالتیمۆر لە ئەمریکا، لە کاریگەری جیاوازی رەگەزیان لە دەرکەوتنی نیشانەکانی ئۆتیزم کۆڵیوەتەوەو ئەنجامی توێژینەوەکەشیان لە جۆرناڵی (Autism research) بڵاوکردۆتەوە.

○ (د. پاول لیپکین)، یەکێک لە ئەنجامدەرانی توێژینەوەکە دەڵێت: "بەشێوەیەکی بەرچاو جیاوازی هەیە لە دەستنیشانکردنی گرفتەکە لەنێوان کچان و کوڕان، بەوپێیەی نیشانەکانی گرفتەکە لە کچان کەمتر دەردەکەون بۆیە دەستنیشانکردنیان زەحمەتترە".

○ هەروەک ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات، ئۆتیزم لەنێو کوڕان بەربڵاوترە بەراورد بە کچان و هۆکاری سەرەکی ئەم جیاوازییەش تاوەکو ئێستا بەتەواوی نەزانراوە. بۆیە زۆربەی کچان تاوەکو تەمەنی قوتابخانە و تێکەڵبوونیان بە کۆمەڵگە ناتوانرێت بە ئاسانی گرفتەکەیان لێ دەستنیشان بکرێت. هەروەک کوڕان زووتر چاک ئەبنەوە.


araz.radha@su.edu.krd

تەوەری

13

# چۆن لە ئۆتیزم بڕوانرێت؟




- تێگەیشتن لە ئۆتیزم زۆر گرنگە بەتایبەت چۆنیەتی هەڵس و کەوت لەگەڵی، یەکێك لەو کێشانەی کەس و کار هەیانە ئەوەیە کە لە منداڵەکانیان تێناگەن و نازانن چۆن ڕەفتاریان لەگەڵ بکەن. ئەوەش بووەتە هۆی زیاتر دابڕانی توش بوەکان و کەس و کارەکانیشیان، هەندێك لەکەس و کارەکان باس لەوە دەکەن بەهۆی حاڵەتی منداڵەکانیانەوە کەس و کارەکانیان لێیان دوور کەوتوونەتەوە، یان بە پێچەوانەوە لەبەر ئەوەی خەڵك وەك پێویست لە نەخۆشیەکە تێنەگەشتوون و وەك منداڵی ئاسایی لێیان دەڕوانن و چاوەڕوانی ڕەفتاریان لێدەکەن، کەس و کارەکانیان ناچاربوون بە دابڕان و نەچوونە سەردان و تێکەڵاو نەکردنی خەڵك و تەنانەت لە بازاڕ و بۆنەکانییش.



araz.radha@su.edu.krd